نرخی زێر لە بازاڕەکانی جیهان بەرزبوەوە

نرخی زێڕ بەرزبونەوەیەکی پێوانەیی تۆمارکرد و ئۆنسێک بە سێ هەزار و 288 دۆلار مامەڵەی پێوەدەکرێت.

ئەمڕۆ چوارشەممە نرخی یەک ئۆنس زێڕ لە بازاڕەکانی جیهاندا گەیشتە سێ هەزار و 288 دۆلار کە ئەمەش بە بەرزترین نرخ دادەنرێت لە مێژووی مامەڵەکردن بەو کانزایەوە.

بەیاری زیادکردنی باجی گومرگی لەلایەن دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا تا دێت کاریگەریی ئابووری لەسەر وڵاتان و کەمپانیا گەورەکان جێدەهێڵێت، بەشێکی زێر لە دەوڵەمەندەکانی جیهان بەهای پشکەکانیان بەرەژێی بەرچاو دابەزیوە و کەمبوونەوەی زێر لە سامانەکانیان رووویداوە.